# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

# (1)
# سەرەتای ئێش

ئێمە بەهێزین، گەر خۆمان بە هێزی خۆمان، خۆمان بێ هێز نەکەین.
گەر وریا بین، گەر چاو کراوە و، بیر رووناك و بیر فراوان و،
یەکگرتوو بین،
گەر لە هەموو هەلێك، هێزێکی نوێ وەرگرین،
مێژووی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە دروستی دەکەین!

کەمال میراودەلی 1984

****

ئەمە یەکەم نووسینی کەمال میراودەلی یە بە کوردیی لە دووروڵاتیی لە ژمارە یەکی گۆڤاری هەڵوێست. لە لەندەن 1984، بە ناوی دۆستی بڵاو کراوەتەوە.
====================

## سەرەتای ئێش

سەرەتای ئێش هەمووی یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدایە سارێژی نەکەی.

***

با لێرەوە دەست پێبکەین
لە پاکێتیی لەپی دەستی کۆرپەی ساواوە،
لە کەف و کوڵ و گەرم و گوڕیی خوێنی تازە ڕژاوی پێشمەرگەوە.
لە هەستی بەتین و تاوی خۆشویستنی ئازادییەوە، کە لە دڵی هەر یەکێکدا کڵپەی سەندووە.
با چاو بگێڕینەوە بەو ڕێگا خوێناوییەی بڕیومانە.
با کەلێنەکانی مێشك و دەروون لە دوکەڵ و ژەنگ پاك بکەینەوە.
با بەرامبەر هەموو (بەڵێ) یەك (نا) دانێین.
با بەرامبەر هەموو (نا) یەك (بەڵێ) ڕیز کەین.
با بکەوینە گفتوگۆ و راوێژ و بەراوردکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوە.
با هۆش بە کار بێنین، با هەل لە دەست نەدەین.
با هۆش لە خۆیەوە دەست پێ بکا، گومان لە ناو خۆیدا بتەقێنێتەوە، باوەڕی نەلەقیو بکاتە بنچینەی تێگەیشتن و کار کردن.
با بیر لە ناو بیری کۆن و تەنگەبەر و، لە ناو چاڵی دوورە پەرێزیی و لە جیهان دابڕاندا، نەخنکێ.
با سەرچاوەکان لە نوێ بدۆزینەوە: پاك، ڕوون، بێگەرد.

با خۆمان بناسین.
دوێنێمان بناسین، ئەمڕۆمان بناسین، سبەینێمان بناسین.
با خۆمان بناسین، تا جیهان بناسین.
با جیهان بناسین، تا خۆمان بناسین.
با خۆمان بناسین تا جیهان بمانناسێ.

با ئەمڕۆمان بناسین، تا دوێنێمان تێبگەین.
با دوێنێمان تێبگەین، تا ئەمڕۆمان تێبگەین.
با ئەمڕۆمان تێبگەین، بۆ ئەوەی سبەینێمان نەدۆڕێنین.

با خۆمان بناسین،
شوێنپێی خۆمان لە سەر نەخشەی جیهاندا دیاریبکەین، شوێنی خۆمان لە چوار چێوەی بزوتنەوەی مێژوی سەردەمدا دیاریبکەین.
با ناسنامە بۆ خۆمان پەیدا کەین.
کۆنگرە ببەستین،

ئاڵا هەڵکەین،
یەك بین،
یەك بین تا ببین.

ناتوانین خۆمان بناسین، تا یەکتر نەناسین،
ناتوانین جیهان بناسین، تا یەکتر نەناسین،
جیهان نامانناسێ تا یەکتر نەناسین،
یەکتر ناناسین، تا یەك نەبین.
یەك نابین تا بۆ یەکتر نەبین.
بۆ یەکتر نابین، تا پشتی یەك نەگرین و هەموو هەل و هەوڵێك بۆ ئامانجی یەکگرتوو بە کار نەهێنین.
(یەك بن. بۆ یەکتر بن. پردی بێگانە مەبن)

ئەمڕۆمان ناناسین، تا دوێنێمان نەناسین،
دوێنێمان ناناسین، تا ئەمڕۆ وەك دوێنێ بین،
هەر وەك دوێنێ دەبین، تا لە دوێنێ دا بژین،
لە دوێنێدا مەژین،
ئەو قاڵبە ژەنگاوییانە ورد و خاش کەن،
شەڕی کۆنەقین مەکەن،
نەوەی نوێ بە ناوو ناتۆرەی کۆن لە یەك مەکەن،
بپەڕنەوە بۆ ئەمڕۆ،
بازدەن بۆ ئەم سەردەمە، سەردەمی خوێن و خەبات،
سەردەمی داوی ورد و، تەڵەی نادیار و، تاوانی دنیاگیر،
سەردەمی بیری ورد و، پرۆژەی زیرەکانە و ڕاپەڕاندنی گورج و گۆڵ.
هیچ ڕاناپەڕێنن تا لەمرۆدا نەژین.
لەمرۆدا ناژین، تا جیهان بە بەرینی و قووڵیی و چڕییەوە نەبینن
لە ئاوێنەی تەنیا-خۆ-بینیندا، ناتوانین جیهان ببینین،
جهیانی گەورە لە دەرەوەیە،
ئەوەی نەیبینێ مێروولەیەکی کوێرە لە بەردەم تانکێکی دڵکوێردا.

بەرەو دواوە هەنگاو مەنێن، جهیان بەجێتان دێڵێ،
بەرەو دواوە هەنگاو مەنێن، بە سەر کێلی گۆڕستانەکاندا دەکەون.
بەسەر گۆڕستانە بێ کێلەکاندا دەکەون،
بەرەو دواوە مەڕۆن، هێشتا بەر پێتان پڕە لە ئەلغام.

بەرەو لوتکە هەنگاو بنێین.
چاڵەکان بەجێ بێڵن.

هەموو کردارێك، بڕیارێکی دەوێ.
هەموو بڕیارێك، هۆشیاریی و لێکدانەوەی دەوێ.
هۆشیاریی و لێکدانەوە، مەودای نێوان ئامانج و خواست و هەل و مەرجە، ڕوانین بۆ دوور مەرجە.
ئامانجی یەکتەنیی، خۆپەرستانە، هەلپەرستانە: هەڵەشەیی هەڵدێنێ
هەڵەشەیی: هەڵە هەڵدێنێ.
هەڵە: برین.
برین دەردی بێدەرمانیی، پەشیمانیی. مەترسیی هەمیشە کولانەوە.
نوێبوونەوەی برین، برینی برین.
سەرەتای ئیش هەمووی یەك بوونە....
ئەویش نابێ هەتا، برینەکان ساڕێژ نەکەن.
برینەکان ساڕێژ کەن.
برینەکان ساڕێژ کەن.
برینەکان ساڕێژ کەن.
لە قاوغە تەسکەکان وەرنە دەرەوە.
لە قاوغی تیرەگەرێتی وەرنە دەرەوە.
بیرتان روون، دڵتان ساغ، مێشکتان بە کار، بازووتان پتەو.
رێگا دیار. ئامانج ئاشکرا.
کێیە توانای هەنگاونانی نەبێ؟
کێیە توانای ڕەنج و بەخشین و داهێنانی نەبێ؟
دەنگی هەموو، بیری هەموو، ڕەنجی هەموو؟
هەموو هەنگاوێکمان دەگاتە قەڵا.

هەموومان یەك گەل، یەك بەرە، یەك خێزانین.
گەر برین نەمانکاتە یەك خێزان، چی دەمان کا؟!
گەر سەربڕین نەمانکاتە یەك خێزان، چی دەمان کا؟!
گەر گەمارۆی ئەژدەهاکان نەمانکاتە یەك کاوە و یەك چەکوش چی دەمان کا،
گەر چارەنووسی پڕ مەترسیی جگەر گۆشەکانمان،
نەمانکاتە یەك هێز و یەك هیوا چی دەمان کا؟!
با هەموو هەلێك، هەموو هەوڵێك، هەموو هەنگاوێك

هەموو تەقەلایەك، هەموو توانایەك،
بۆ پتەوکردن و پێشخستنی بزووتنەوەی مێژووی نوێی گەلەکەمان
تەرخان بکەین......
با سەد گوڵی رەنگاو رەنگ لە باخی خەباتدا بگەشێتەوە.
با سەد ئاوازی جیائاواتی یەکبوو دەر ببڕێ.
با بیر ڕابەر بێ.
با ئامانجی یەکگرتوو قۆناغ بێ.
هەر شوێنی بیر رابەر نەبێ ئاژاوە گەرای تێدا دادەنێ.
بیری ڕوون، رێباز ڕوناك دەکاتەوە
ڕێبازی ڕوون، بیر نوێ دەکاتەوە،
بیری ڕوون، ڕێبازی ڕوون، ئامانجی ڕوون،
هەنگاوی پتەو و گورج،
قۆناغ نزیك دەکاتەوە.

بیر کردنەوەی ئێمە دەبێ بە بارتەقای مێژوو بێ.
بە قەوارەی برینەکانی جوگرافیا بێ.
دەبێ لە دەستنیشانکردنی ئامانج و رێبازدا، جوگرافیا و مێژوو یەك بگرێ،
یەکگرتنی جوگرافیا و مێژوو: پرۆژەی خوێنە.
یەك مێژوو.. یەك برین.. یەك خوێن.. یەك نەخشە.. یەك ئامانج.

ئێمە بە هێزین، گەر خۆمان بدۆزینەوە
ئێمە بەهێزین، گەر خۆمان بە هێزی خۆمان، خۆمان بێ هێز نەکەین.
گەر وریا بین، گەر چاو کراوە و، بیر رووناك و بیر فراوان،
یەکگرتوو بین،
گەر لە هەموو هەلێك، هێزێکی نوێ وەرگرین،
مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە دروستی دەکەین،
ئێمە بە هێزین، بە هێزترین لەوەی بە خۆمان دەزانین،
ئێمە بە هێزین، مادام ژیان و ئازادی یەك مانان و نابن بە دوو،
مادام لە خوێنی هەر یەکێکماندا فەلسەفەی کوردی (کەم بژی و کەڵ بژی)
دەژیا...
گەر یەك هێز بین، کێ هەیە بەدەنگمانەوە نەیا،
گەر یەك بین، کام لایە هەیە سەری نەوی نەکا.
گەر یەك بین، لە یەکگرتنی دوژمنەکانمان ناترسین،
ئەوان هەمیشە یاری خۆیان کردوە.

یاری ئەوان هەمیشە خوێنی ئێمە بووە.
گەر یەك بین، دۆست و دوژمنمان باشتر دەناسین.
دۆستە راستەکانمان ئەوانەن دەیانەوێ یەك بین، بۆ یەك بین.
یەك بوونی ئێمە هێزە بۆ دۆستەکانمان، هەر وەك هێزیی ئەوان پاڵپشتە بۆ ئێمە.
ئەوەی یەکبوونیی ئێمەی نەوێ دۆستمان نییە.
ئەوەی خوێنی ئێمەی بوێ دۆستمان نییە.
ئەوەی باوەڕ بە مافی چارەنووسمان، بە ئاشکرایی و بێ دوو ڕوویی نەهێنێ، دۆستمان نییە.
ئەوەی دۆستی ئێمە بێ، دۆستی ئاواتەکانمانە، پاڵپشتی مافەکانمانە.
دۆست و دوژمن لەسەر ئەو بناغەیە دەناسین:
ئەوەی نەماننناسێ نایناسین...

خەبات هەر چەك نییە.
چەك خەبات نییە گەر سیاسەتی لەگەڵ نەبێ.
چەك چەتەییە گەر سیاسەتی راستی لەگەڵدا نەبێ.
سیاسەتی راستمان نابێ، تا بیری راستمان نەبێ.
بیری راستمان نابێ، تا خۆمان نەناسین: وەك مێژوو، وەك جوگرافیا، وەك کۆمەڵ و پێك هاتنی کۆمەڵایەتی، وەك سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، وەك زمان و شارستانێتیی و کولتوور،
وەك شوێنی ستراتیژی وڵاتەکەمان لە رۆژهەڵاتی ناوەند و جیهاندا،
وەك مەسەلە و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەمان لە چوارچێوەی تێکڕای خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی جیهاندا:
خۆناسین، جیهان ناسین، یەکگرتن، سەرکەوتن.
با هەر یەکێك لە خۆیەوە دەست پێ بکا.
لە خۆتەوە دەست پێ بکە.
لە ناخی خۆتەوە دەست پێ بکە.
لە ویژدانی خۆتەوە دەست پێ بکە.
خۆت بناسە وەك گەل، وەك نەتەوە، دوور لە دووبەرەکی،
یەکەم هەنگاو، ئاسانترین و لە هەمان کاتدا قورسترین، هەنگاو ئەوەیە:
شێوەیەکی نوێی دوان، شێوەیەکی نوێی قسە کردن و گفت و گۆ، بەدەست بێنی.
بزانە بدوێ، دوان مەرجی ژیرییە!

ناتوانی بدوێی تا گوێ نەگری.
ناتوانی گوێ بگری، تا خۆت لە کۆچە و کۆڵانە تەنگە بەر و پڕ چاڵەکانی مێشکت دەرباز نەکەی، تا باز نەدەی بۆ مەیدانی بیرفراوانیی
تا چەندەها ئاسۆی نوێی کراوە بە دی نەکەی..
تا فێری بیر کردنەوەی زانستی نەبی.
با یەکەم هەنگاو: بڕیار بدەی گوێ بگری.. ئەوسا بدوێی.
گوێگرێکی باش بە، هەموو ڕایەك بە هێمنی و هەستی هاوڕێیانە وەرگرە.
لە هەموو بیرێك ژیرییەك بدۆزەرەوە.
لە هەموو رایەك ڕێگایەك بەدی بکە.
بێ هەڵچوون و تەقینەوە، بیر و ڕاکان شیکەوە، بەراوردیان کە.
با خزمەتی نەتەوەکەت، پێوانە بێت.
با کارەساتەکانی مێژوو ئاوێنە بن.
مەگەڕێوە سەر قاڵبە کۆنەکان، قاڵبە پەك کەوتووەکان،
بزانە ژیان بۆ پێشەوە دەڕوا. مێژوو بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ.
گەر ئەمساڵ صەدی صەد وەك پار بیر بکەیتەوە و تێبگەی،
دڵنیا بە بەجێ ماوی.
باوەڕت بە رەخنە لە خۆ گرتن بێ، بەر رەخنە لە کەسانی تر گرتن.
دەرزییەك بە خۆتدا بکە، بەر لەوەی سوژنێك بە کەسێکی تردا بکەی،
ویژدانت بەهێز کە، بەقەدەر سەختیی کارەساتی گەلەکەمان.
بەقەدەر گەورەیی قەوارەی برینەکانمان،
بەقەدەر فراوانیی و چڕیی مەسەلەی نەتەوەکەمان،
بزانە مانەوە لە سنووری خۆپەرستیی، تاقمپەرستیی، عەشیرەتپەرستیی، ناوچەپەرستی، کەسپەرستیی دا.
تاوانە بەرامبەر گەلەکەت،
تاوانە بەرامبەر خوێنی شەهیدەکانمان،
تاوانە بەرامبەر نەخشەی پڕ برینی ئەمڕۆمان،
بەرامبەر ئاوات و خواستی داهاتوومان،
بەرامبەر کۆرپە ساواکانمان،
تاوانە بەرامبەر ئەوانەی هێشتا نەبوون و دوژمن تەڵەی مردنی بۆ ناونەوە.

نەتەوە: بریتییە لە ئەندامانی نەتەوە.
ئەندامانی نەتەوە تاکەکەسانن: تۆ، ئەو، من، هەموومان.
سەرمایەی نەتەوە: ژیانی ئەو تاکە کەسانەیە، هەوڵ و ڕەنجی ئەو تاکە کەسانەیە نەتەوەیان لێ پێك دێ.

ژیانی تۆ، کاتی تۆ، تەمەنی تۆ، سەرمایەی نەتەوەکەمانە.
بەفیڕۆ دانی کاتی خۆت، ساڵ و مانگ و ڕۆژەکانی تەمەنت بە فیڕۆدانی سەرمایە و سامانی نەتەوەیە.
بۆیە گەر نەتەوەپەروەریی راستەقینە بی، گەر کوردپەروەریی راستەقینە بی، گەر بە خۆت رەوا ببینی بڵێی: کوردم.
دەبێ لە پێشەوە: ئەم پرسیارە لە خۆت بکەی؟
چۆن ئەو بەشە سەرمایەی نەتەوەکەم کە ڕۆژ و ساڵ و مانگی تەمەنی منن بۆ خزمەتی گەلەکەمی بە کار بێنم؟
چیم لە دەست دێ بیکەم؟
بەدەست، بە قەڵەم، بە هۆش، بە ڕەنج؟
بە زمان؟ هەر هیچ نەبێ بە زمان. با زمانت بۆ خێر بگەڕێ.
بۆ چاکە، بۆ یەکێتی و برایەتی.. دوور لە خۆپەرستیی، قازانجپەرستیی.
بەڵام ئایا زمانەکەی خۆت دەزانی؟
ئایا نووسین بە زمانەکەی خۆت دەخوێنیتەوە؟
ئایا منداڵەکانت فێری زمانی نەتەوەیی کردوون؟
ئایا ئامادەی ئەوەی لە دەستت دێ بۆ خزمەتی زمان و کولتووری گەلەکەت بیکەی؟
ئایا گەلەکەت بۆ خۆت، بۆ خۆپەرستیی و قازانجپەرستیی خۆت دەوێ،
یان خۆت بۆ گەلەکەت، بۆ نەوەکانی داهاتوو؟
لەم پرسیارە سەرەتاییانەوە، سەرەتا خۆی دەردەخا.
سەرەتای رێبازی خۆناسیین، دنیاناسین،
یەکبوون و سەرکەوتن.
سەرەتای راستیی، ڕاستیی لەگەڵ خۆتدا.
لەگەڵ خەڵکدا.. لەگەڵ مێژوودا.